# مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی
# بەداخستنی زانکۆی ئایندەی ئەهلی، سەرکەوتوانە کۆتایی هات

**زمناکۆ عەزیز**

**دوای ئەوەی کە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ ماوەی لە 37 ڕۆژ مانیان گرت بۆ خواستی داخستنی زانکۆی سلێمانی، ئەویشس بەهۆی ئەو گەندڵیو فەسادە ئیدارییەی کە لەزانکۆی ناوبراودا هەیە، نارەزایەتییەکان هەرچی زیاتر فراوانتر بووەوەو ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران خەڵك هاتە پشت خواستەکانیان.**

**دوای ئەوەی کە خوێندکارانی مانگرتوو شوێنی مانگرتنەکەیان گواستەوە بۆ بەردەم بارەگای ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەمڕۆ 2005/4/4 نوێنەرانی خوێندکاران دوای ئەوەی کەچەندین جار بینینی بەرپرسانی حکومەتیان رەتکردەوەو داوایان کرد کە نوێنەری حکومەت خۆی بێت بۆ لایان، وەفدێکی نوێنەرانی خوێندکاران بۆ ڕاگەیاندنی خواستەکانیان بە دەسەڵاتداران سەردانی بارەگای ئەنجومەنی وەزیرانیان کردو لەگەڵ هەرکام لە عمر فتاحو نەوشیروان مستەفاو عمری سید علیو صلاح رشید کۆبوونەوەو جارێکی تر خواستەکانی خۆیان خستەوەڕوو بۆ دەسەڵاتدران، کە بریتی بوون لە : داخستنی زانکۆی ئایندەو بەڕەسمی ناسینی نوێنەرایەتی خوێندکارانی زانکۆ، لەبەرامبەر ئەم فشارەگەورەیەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و پشتیوانی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدینو دواناوەندییەکانی کوردستانو کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەرپرسان ڕازی بوون بە داخستنی زانکۆی ئاینده و بەڕەسمی ناسینی نوێنەرانیان.**

**سەرەنجام خوێندکاران بە هەڵپەڕکێو خۆشیو شادییەوەو بەڕێپێوان بەرەو زانکۆی سلێمانی گەڕانەوەو ئاهەنگو شادییەکانیان تا سبەی 4/5 بەردەوام ئەبێتو دوای ئەو بەروارەش ئەگەڕێنەوە سەر دەوامی ئاسایی خۆیان. شایەنی باسە کە ڕۆژەکانی مانگرتنی خوێنکاران لیژنەیەك لە ئەندامانی کۆنگرەی ڕیفراندۆم لەگەڵ خوێندکاراندا سەرگەرمی بە ئاکام گەیاندنی کارەکانی مانگرتوەکە بوون.**

**ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، سەرکەوتنی ئیرادەی خوێندکارانی کوردستان بوو لەدژی گەندەڵیو ناهەقیەکانو کردەوە نارەواکان. بۆیە بەناوی کۆنگرەی ڕیفراندۆمەوە پیرۆزبایی گەرمی ئەم سەرکەوتنە مەزنە لەخوێندکارانی کوردستان ئەکەین. ڕایدەگەیەنین کە لەهەنگاوەکانی ئایندەشیاندا هاوکارو پشتیوانیان ئەبین.**

**کۆنگرەی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**
2005/4/4